# کەمالی توێژەر و ڕەخنەگر
# لە نێوان ( خەیام و شێخ سەلام )دا

د. حەمە نووری عومەر کاکی/ سکوڵی زمان

**پێشەکی**

کەرەستەی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە ، توێژینەوەی ئەو پەراوێزانەیە ، کەمالی (١٨٨٦ – ١٩٧٤) لەسەر چوارینەکانی شاعیری بەناوبانگی فارس خەیام و دەقە بەکوردیکراوەکانی شێخ سەلام (١٨٩٢– ١٩٥٩ )، نووسیویەتی .

سنوری لێکۆڵینەوەکە ، جگە لەو پەراوێزانە ، هەموو دەستنووسەکە وەك Manuscripts دەستنووسێکی ئەدەبی کۆن و بەنرخ لەبەرچاودەگیرێت و توێژینەوەی لایەنێکی زانستیی خوێندنەوەی تێکستی کۆنیش دەگرێتەوە . ئەم لێکۆڵینەوەیە پێویستی بەوە دەبێت ،کەخستنەڕووی دەستنووسەکە وباسکردنی بەمیتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەدەب و لێکۆڵینەوەی پەراوێزەکانیش بەمیتۆدی دەقئاوێزان بێت . خاڵێکی گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە ،کە تائێستا ئەودەستخەتە دەستوقەڵەمی هیچ نووسەرو توێژەرێکی بەرنەکەوتووە و بڵاونەکراوەتەوە،ئەمە سامانێکی مێژووی ئەدەبی کوردییە .لەم سەردەمەدا وبەتایبەتی لەدەزگا ئەکادیمیەکاندا توێژینەوەی تێکستی کۆن ودەستنووس نییە ، یان زۆر کەم ودەگمەنە . بەوپێیەی لەهەندێك لە پەراوێزەکاندا کەمالی سەرنجی دووبارە ونموونەی شیعری لەیەك جۆر وشێوە هێناوەتەوە ، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بەپێویست نەزانرا کە لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو پەراوێزەکان بکرێت و لەلایەکی دیکەشەوە ئەوکارە قەوارەی لێکۆڵینەوەکە گەورە و قەبە دەکات .

بەپێی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی و لەبەر ئەوەی ژیاننامەی شاعیرەکان وئەو کەسانەی ناویان هاتووە ، لە لێکۆڵنیەوەکەدا تەوەری سەرەکی نین ، بۆیە ئەو بابەتە لەناو لێکۆڵینەوەکەدا نابینرێت، بەڵکو بەکورتی ژیاننامەی خەیام وشێخ سەلام وکەمالی و مەحمود بەگ لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا وەك پاشکۆیەك هاتوون .

**دەستنووس Manuscripts :**

دەقی نووسراو بەدەستخەت ، مەبەست لە دەستخەت ئەو کتێبەیە ، یان ئەو نوسراوانەن کە چاپ نەکراون ( ٢٤ : ١٩٤)* . دەستنووسەکان لەقەوارەدا جیاوازن ، دەشێت کتێبێکی زۆرگەورەبن ،

* سیستێمی کۆد بۆ پەراوێزەکان بەکارهێنراوە ، ژمارەی یەکەم ئاماژەیە بۆ سەرچاوەکە ،لە لیستی سەرچاوەکاندا لە کۆتایی باسەکەدا هاتووە ، ژمارەی دووەمی دوای : کەش لاپەڕەی سەرچاوەکەیە.

یان هەندێك جار نامیلکەیەکی بچووکن وهەندێکیشیان نامەیەکی بچکۆلە ،( ٢٤ : ١٩٤) یان تەنیا پەڕەیەك دەبێت ،بە زمانە ئەوروپاییەکان بەو پەڕە و کتێب و نووسراوانە دەوترێت (Manuscripts ) (١ :٨٠٣ و٢ : ٥٥٨ ) .

گرنگیی توێژینەوەی دەق وەك بابەتێکی زانستی لە مێژووی ئەدەبی نەتەوە ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتییەکانیشدا زۆر بەبایەخەوە لەبەرچاودەگیرێت وبەبەردەوامی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی لەسەر دەستنووس و بەڵگەنامە مێژوویەکان دەکرێت ،ئەو ڕاستی وڕووداوانەی ، کە لەنێودەقەکاندا پارێزراون ، پێش هەموو لێکدانەوە و توێژینەوەیەك، خۆیان بەرجەستەدەکەن وسەرنجی لایەنی پەیوەندیدار و زانایانی ئەم بوارە بۆخۆیان ڕادەکێشن . هەرکاتێك ئەو بەڵگەنامەودەقانە لەناو چوون ، مێژووش لەناو دەچێت (٧ :٩٣) هەر لەبەر ئەوەیە (Seignbos )دەڵێت مێژوو بەبێ بەڵگەنامەو دەق ، هیچ بوونێکی نییە !. ( ٧ : ٩٣ ) ئەمە بۆ زانستی مێژووی ئەدەب و توێژینەوەی تێکستە کۆنەکانیش ، ڕاستییەکی لەبەرچاوە .هەربۆیە ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکان بەوردی وبەپێی دیسپلین وڕێوشوێن و شێوازی زانستی ، گرنگییان بە دەستنووس داوە وکاریان لەسەرکردووە ، بەتایبەت لە هەڵسەنگاندنی کتێب ودەستنووسە عەرەبی وزانستە ئیسلامی و ئەدەبیەکانی نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکاندا ، کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتناسانی ئەڵمانییا(بڕوانە٢١ و ٢٦ ) گرنگییەکی زۆریان بەم بوارە داوە.

**خستنەڕوو :**

ئەم دەستنووسە بریتییە لە نووسینەوەی چوارینەکانی عومەر خەیام ،کە شێخ سەلامی شاعیر لە فارسییەوە کردوویەتی بەکوردی، دەستنووسەکە بەدەستوخەتی ( عەلی باپیر ئاغا) لەهەڵەبجە لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٤٨ دا، بۆمەحمود بەگی ئەورەحمان بەگ نووسراوە .

ژمارەی لاپەڕەکانی دەستنووسەکە ، ٢٢٠ لاپەڕەن.

لەهەرلاپەڕەیەکدا، یەك چوارینەی فارسی لەسەرەوەی پەڕەکەو لە ژێریشدا وەرگێڕدراوەکوردییەکەی شێخ سەلام نووسراون .

تەنیا٢ پەڕەی سپی لە پێش و دوای نووسینەکە هەیە .

لەناوەڕاستی لاپەڕەی یەکەم لە بەشی سەرەوەدا لاپەڕەکەبەم شێوەیە نووسراوە ، لاپەڕەکە( بە بێ ژمارە)یە :

ــ خیام بەکوردی ــ

ـــــ

ــ

لەطرف شیخ سەلامەوەکراوە

بەکوردی

هەردوو دیوی لاپەڕەکان نووسینیان لەسەر نوسراوە . ژمارەی لاپەڕەیان بۆ دانراوە،بەم شێوەیە : صحفە
١

ژمارەی بۆ لاپەڕەی لای ڕاست لەگۆشەی سەرەوە ،لای دەستی ڕاست داناوە و ژمارەی بۆ لاپەڕەی لای چەپیش لەگۆشەی سەرەوە، لای دەستی چەپ داناوە .
ڕەنگی پەڕەکان ، (کایی )ن ، زەردێکی کاڵن .

**قەوارەی پەڕەکان :**

درێژی ٢٣ سم
پانی ١٧ سم    واتە ٢٣ U'x سم

ئەستوری پەڕەکان لەئەستوری پەڕەی ( A4 ) یئێستادایە .

چوارینەکان و پەراوێزەکان ، بەیەك جۆری خەت نەنووسراون ، لەگەڵ ئەوەشدا ، شارەزا و ئاگاداری جۆر وشێوازی خەتنووسی و خۆشنووسی ئەوسەردەمە بووە .چوارینەکانی بەتێکەڵی خەتی رقعە و فارسی نووسیوەتەوە.( ٢٣ :٣٧و٥٤ ) .
نووسینەکان بە (پاندانی مرەکەب ) ی تەڕ بوون،ڕەنگی مرەکەبەکە ڕەشی تێرە .

لە لاپەڕە ،( صحفە١ )یەکەوە بە دەستوخەتی کەمالی پەراوێزنووسراوە تا لاپەڕە ٧٣ بێجگە لە لاپەڕەکانی (٣ , ١٠ ، ١٢ ، ١٦ ، ١٧ ) لە لاپەڕە ٧٤بەدواوە، بەداخەوە تاك وتەرا پەراوێزی لێ نووسیووە .کەبریتین لەم لاپەڕانە: ٧٦ ،٨١ ، ٨٢ ، ٨٤ ، ٨٥ ، ٨٦ ، ٨٨ ، ١١٨ ، ١٢٠ ، ١٢١ ، ١٢٤ ، ١٢٥ ، ١٢٨ ، ١٥٠ ،١٥٣ ، ١٥٩ ، ١٧٣ .
لە کۆتاییدا ، واتە لە لاپەڕە(٢٢٠ ) دا ئەم چەند دێڕەی نووسیوە :

تەواو بوو نوسینی رباعیات فارسی ( عمر خیام ) لەگەڵ ترجمەی کوردی کە لە طرف جناب شیخ سلام شاعیری بە ناوبانگی کوردەوە کراوە بۆ جنابی فاضیل محترم جمیل الشیم محمود بگ کوری عبدالرحمن بگ لە ڕۆژی ١٢ ایلول ١٩٤٨ لە هەلەبجە بە قلمی علی باپیر ئاغا –


صحفە
٢٢٠
تەواو بو نوسینی رباعیات فارسی (عمر خیام)
لەگل ترجمە کوردی کە لە طرف جناب شیخ سلام
شاعری بە ناوبانگی کوردەوە کراوە بو جنابی
فاضل محترم جمیل الشیم محمود بگ کوری عبدالرحمن
بگ لە رۆژی ١٢ ایلول ١٩٤٨ لە هلبجە
بە قلمی علی باپیر اغا –

**ئاستی ڕووناکبیریی کەمالی**

چوارینەکانی خەیام بەرهەمێکی ئەدەبی کەم وێنە و شاکارێکی زیندووی جیهانییە ، نەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، بەڵکو لە لای زۆربەی زۆری ئەدەب دۆستانی ئەوروپایی و جیهانی ناسراون . شێخ سەلامی شاعیریش ، سەرباری شاعیرییەکەی، سەرمایە وخەزێنەیەکی ڕۆشنفکری وئەدەبی وشارەزای زمان و ئەدەبی کوردی و فارسی وعەرەبی بووە .کەسێکیش بتوانێ پەراوێز وکۆمێنتی زانستی لەسەر بەرهەمی خەیام و شێخ سەلام بنووسێ ، دەبێت ئاستی خوێندەواریی و ڕووناکبیرییەکی شایستەی هەبێت ، بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەودووکەڵە شاعیرە.

بۆ ئەوەی ئاستی ڕووناکبیری و شارەزایی کەمالی لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی وزمان وئەدەبیاتی هەرسێ نەتەوە دراوسێکانی کورددا بخرێتە ڕوو ، پێویستە بەکورتی باسێکی ژینگە و دەوروبەر و ژیانی کەمالی بکرێت ، کە لەمنداڵییدا فێری خوێندن و نووسین و شیعرو ئەدەبیات بووە .لەم ڕووەوە خۆی دەڵێت " لەمزگەوتی شێخ ئەولای هەولێری ئەمخوێن بەرامبەر ماڵی عیزەت بەگ کە ئێستا پێی ئەڵێن مزگەوتی دوو دەرگالەسەر شەقامی – نالی _ یە .. ) (١٥ : ١٢ ) هەر لەو مزگەوتەدا کەمالی خراوەتە بەر خوێندن وئاشنا بووە بەشیعری شاعیرانی کورد و فارس وعەرەب وتورك .

زۆر لە نووسەر وئەدەب دۆستانی سەردەمی ژیانی کەمالی هەستیان بە تواناو ئاستی ڕۆشنبیری کەمالی کردووە ، هەر بۆیە (بەڕێز ئەحمەدفەخری لە ١٤ ی تەموزی ١٩٣٩دا لە دانیشتنێکدا لەدەورپشتی شاری هەڵەبجە لەسەرحەوزێك لە باغی شێخ محمد امین داوا لەکەمالی دەکات و دەڵێت :" چی ئەبێ ؟ ئەگەر تۆ هیچ نەبێ تەرجمەی حاڵی شعرای کوردی هاوزەمان و هاوزبان لەگەڵ هەر یەکێ چەند غەزەلێکیان کۆبکەیتەوە وە چاپی بکەی " لەسەر ئەو فەرمودە وئارەزوەی ئەو بڕیاری چەندان لە یاران ونیشتمان پەروەران دەستم کرد بە کۆ کردنەوە و نوسینی تەرجەمەی حاڵ و ئەشعاری شاعیرانی هاو عەسرم وە ناوم نا "گوڵدەستەی شعرای هاو عەسرم ) .

جگە لەو بەڵگەیە کەمالی شاعیرێکی سەرکەوتوو بووە و زۆر کاریگەر بووە بە شاعیرانی کلاسیکی کوردەوە ولەلایەکی دیکەشەوە بە زمان وئەدەبیاتی فارسی و شارەزاییەکی باشی هەبووە لەو بوارەدا . لەم ڕووە وە باشترین سەرچاوەیەك کە ئەو توانا وشارەزاییەی کەمالی دەرخستبێت ، ئەو بەرهەمەی ( دکتۆر محەمەد نوری عارف ) ە بەناونیشانی( کەمالی و ئەدەبیاتی فارسی )، لەو کتێبەدا گەلێك بابەتی گرنگی کەمالی خراوەتە ڕوو ، وەك ( کەمالی و چوارینەیەکی خەییام و کەمالی ودوو کەڵە شاعیری شیرازی ) ( ١٨ : ١٧ و ٦٤ و٦٦ ) لەو باسانەدا ئەوە دەسەلمێنرێت کەمالی هۆنراوەکانی شاعیرانی فارسی خوێندۆتەوە و بەتایبەتی خەیام و سەعدی و حافز و زۆر شەیدای گولستان و بوستان بووە و ئەم دوو بەرهەمە بەناوبانگە کاریان تێکردووە و هەندێکیانی لێ وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ( ١٨ : ٦٤ ) ئەمانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی ( کەمالی نەتوانێ خۆی لەوکارتێکردنە بەدوور بگرێ ، کەسەرئەنجام ئەم کاریگەر بوونە هەوێنی وەرگێڕانی چەندین شیعری نایابی فارسی بووە بۆ کوردی، چونکە کەمالی فارسی زانێکی بەتوانابووە) محمد ئەمین(١٧ :١١٣ ).

ئەمە جگە لەو سەرمایە زانستی و ئەدەبیانەی لەئەنجامی خوێندنی حوجرەو خوێندنەوەی بەردەوامی کەمالی خۆی بەدەستی هێناوە ، لەبواری زانستەکانی ئاینی ئیسلام وزمان و ئەدەبی عەرەبی وزمانی دراوسێکانی تر .لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەو ئاستە ڕووناکبیری و هۆشیارییە زانستییەوە ، پۆستی (قائیمقامی ) بەڕێوەبردنی شارو شارۆچکەی گرتۆتە دەست ( ١٥ :١٤ )و دواتریش تێکەڵ بە ژیان و دنیای سیاسەت و ڕاپەڕینی ڕوناکبیری و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد بووە و لەگەڵ ڕوناکبیرانی ئەوسەردەمەی شاری سلێمانیدا ، هەوڵی ئەوەیان داوە ، کە کۆمەڵە و ڕێکخراوی ڕووناکبیری وشێوەیەك لە پارتی سیاسی بونیاد بنێن .کەسێکی ئاوا بەتایبەت لە تەمەنێکی کامڵیدا لێی دەوەشێتەوە و دەتوانێت پەراوێز و باری سەرنج بۆ چوارینەکانی خەیام و وەرگێڕانەکەی شێخ سەلام بنووسێ .

**پەراوێزەکانی کەمالی ، وەك کارێکی زانستی لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا :**

وەك پێشتر لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاستی خوێندەواری و ڕووناکبیریی کەمالی دەستنیشانکرا وجگە لە خەت خۆشییەکەی و هەندێك شارەزایی لە زانستی جوان نووسی وچۆنێتی نیشانەو هێما دانان بۆ دەق وپەراوێزەکان ، لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی وڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستیشدا ( بەپێی ئەوسەردەمە ) تواناو دەسەڵاتێکی زانستی باڵای هەبووە . بەو پێیەی ئەم هەوڵەی کەمالی لەڕووی زانستییەوە هەندێك مەرج وپێداویستیی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی بەتەواوی تێدا دەبینرێت ، وەك سەرچاوەی پێویست بۆ ئەو پەراوێزانە . کەمالی بۆ ئەو کارە ڕەخنەییەی ، چەندین کتێبی جۆراوجۆری بەزمانە ڕۆژهەڵاتییەکان ( کوردی ، فارسی ، عەرەبی ، تورکی )خوێندۆتەوە و هەندێکیشیانی لەبەردەستدا بووە ، چونکە بە دڵنیاییەوە ، کەمالی بۆخۆی دەبێت کتێبخانەیەکی لەماڵەکەیدا هەبووبێت ، مەحموود بەگی ئەوڕەحمانە ئەفەندیش خوێندەوار و ڕووناکبیرێکی شاری هەڵەبجە بووە وئەویش لە ماڵەکەیدا ، کتێبخانەیەکی گەورەی هەبووە .

بەکورتی ئەوکتێبانە ، جگە لە قورئانی پیرۆز بریتی بوون لە :

**یەکەم :** سەرچاوە فارسییەکان ، جگە لە زمانی فاسی ، کە سەرمایەی خوێندنی لەوەوبەری خۆی بووە، وەك سەرچاوە بەکاریهێناون ، چەند نووسخەیەك لە دەستنووسی جۆراوجۆری چوارینەکانی خەیام ، کەئەمانەن :

١- ( خەیام بەفارسی و لەگەڵ وەرگێڕانەکەی شێخ سەلام بەکوردی) . سەرچاوەی سەرەکیی کەمالی بۆ دووبارە نووسینەوەی ئەم دەستخەتە بووە. دەستنووسی، نووسخەی حسین دانش ، نووسخەی عبدالله جودت ,هەندێك نووسخەی دیکە کەناوی نەهێناون ودەڵێت لەنووسخەکانی تردا .( بڕوانە ١١ : لاپەڕەکانی ١١، ٢٤،٢٥ ، ٢٧ ، ... )

٢- کۆمەڵێك لە ( چوارینەکانی خەیام ) بە زمانی فارسی وبە چاپکراوی . (بڕوانە ١١ : ١١ ) هەروەها هەندێکیان ، لەگەڵ وەرگێڕدراوەکانیدا بۆ زمانی کوردی وزمانی تر .

٣- دیوانی شاعیرانی فارس ، ناوی (٩) نۆ شاعیری فارس ونموونەی شیعریی ئەو شاعیرانەی

هێناوەتەوە .کە ئەمانەن :ابو علی سینا ، **حافظ**، خواجەی کرمانی ، خواجە **نصیری طوسی** ، سعدی شیرازی ، شاهی ، کەلیم ، فردوسی ، شیخ ابوحسن خرقانی ، شیخ نجم الدین رازی .( بڕوانە ،١١ : لا ٥ ، ٨ ، ١١ ، ٢١ ،٣٧ ، ٤٣ ، ٤٦ ،٥٦ .... )

**دووەم :** لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا ، قورئانی پیرۆز و شیعری ئەبوعەلای موعەڕی کردووە بەسەرچاوە . ( بڕوانە ،١١ : لا ١ ،٦٧ ، ٨٨ )

**سێیەم :**سەرچاوە کوردییەکان ، جگە لە شارەزاییەکی باشی لە زمان وئەدەبی کوردیدا، بە بەڵگەی ئەوەی واتای هەندێك وشەی لێکداوەتەوە ،پەند و قسەی نەستەقی نووسیوە. یەك جار کتێبی ( بەهرام وگوڵ ئەندام )ی کەچیرۆکێکە ، وەك سەرچاوە ناوبردووە . دیوانی شاعیرانی کورد نموونەی شیعریی مەولاناخالیدی نەقشبەندی و مەولەوی ، وەك سەرچاوە بەکارهێناوە ( ١١ : لا٢ ، ٥ ، ٧ ، ...٤٦ )

**چوارەم :**سەرچاوەی ئینگلیزی : بە بەڵگەی ئەوەی لەلاپەڕە (١١ ) دا ، بۆ چوارینەی (٨) لە پەراوێزدا نووسیویەتی (دیسان ( واین فیلد ) بە ئینگلیزی تەرجەمەی کردووە . ) ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر کەمالی ئینگلیزیشی نەزانیبێت سەیری هەردوو دەقی چوارینە فارسی و بەرامبەرە بەئینگلیزی وەرگێڕاوەکەی ( واین فیلد )ی کردووە .

**تێبینی و سەرنجە ڕەخنەییەکانی کەمالی لەپەراوێزەکاندا :**

یەکەم پەڕەی دەستنووسەکە بە پارچە شیعرێکی شێخ سەلام دەستپێدەکات ، لەژێر ناونیشانی ( سکالاییکی مترجم) دا ، لەحەوت چوارینەدا وهەر لەسەر ئەو شێوازەی خەیام واتە بەشێوەی چوارینە ، سکالاو ڕەخنە لە ژیان وگوزەرانی دنیا دەگرێت و بێ ئاکامی وبێ نرخی ژیان لەم دنیایەدا وبێبەشی خۆی لە هەردوو دنیادا دەردەبڕێت و بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

سکالایکی موتەرجیم

بێ بەش لەو دنیا،لەم دنیابەری

ئەو دەردی سەری ، ئەم کوێرە وەری

ساقی شەرابێ بێنە فرسەتە

ژیان گاڵتەیە ، دنیا قەشمەری ( ١١ :١ )

کەمالی پەراوێزیشی بۆئەو سکالایە نووسیوە :

کەمالی توێژەر ،نیشانەی (١)ی بۆ نیوە دێڕی کۆتایی ئەوچوارینەیە داناوە و لە پەراوێزدا نوسیویەتی **الایة** : **وما الحیاة الدنیا الالهو ولعب** :(١١ :١ )

مەبەستی کەمالی لە هێنانەوەی ئەوئایەتە ، بۆ دڵنیایی وجەختکردنە لەسەر ئەو ڕەگەزەسەرەکییەی ئەدەبی بەراورد ،کە کاریگەریی قورئانە لەسەر شێخ سەلام وڕەنگدانەوەی لەو نیوەدێڕەدا .

لەوچوارینانەدا، جگە لە وێنەی شیعری وبەکارهێنانی هونەرە ڕەوانبێژییەکان، لەڕووی زمانی کوردی و بەکارهێنانی کۆمەڵێ وشە وزاراوە و ئیدیۆمەوە ، کە هەندێکیان ئێستا بەکارنایەن ، ئەگەر پەراوێز وڕوونکردنەوەکانی کەمالی نەبوونایە تێگەیشتنیان گران دەبوو ، ئەم کارەی

کەمالی ئەو ڕاستییە زانستییەمان بەتەواوی بۆ بەرجەستەدەکات که دەڵێت :( یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی تێگەیشتن لەو بەرهەمانەئەو سەرنج وتێبینیانەن کە نووسەران دەینووسن ودەبنە هۆی ڕۆشنکردنەوەی بەرهەمەکەو کلیلی تێگەیشتنی زیاتر لێیان ) (۳ :۱۲۵ ) وەك لەم چوارینەیەو پەراوێزەکەی کەمالیدا دەبینرێت :

قەومێ کلۆڵ بێ خەوی گرانە

وەکو کەروێشکی نوستوی ناو لانە

( دیاردی ) لێ ئەکەن چاوئەنوقێنێ

گەماڵ ئەیگرێ بۆ تیروتانە ( ۱۱ : ۲ )

کەمالی لەپەراوێزدا بۆ ئیدیۆمی ( دیاردی ) نووسیویەتی :

دیاردی : بانگ کردنێکە کە ڕاوکەر کەروێشك لە لانا ئەدۆزێتەوە بۆ تێگەیاندنی ڕەفیقەکانی بەدەنگێکی بەرز بانگ ئەکا ئەڵێ ( دیاردی – غولامی سەری ڕاوکەرانم ) و تەجربە کراوە کە کەروێشك ئەم دەنگەی بیست ئیتر ڕاناکات . ( ۱۱ : ۲ ) .

لە چوارینەی پێنجەمدا دەڵێت :

قەومێ نەفام بێ دووای خەڵك ئەکەوێ

جێی خۆی خۆش ئەکا بزن بۆ شەوێ ( ۲)

تاماڵ وەستابێ مزگەوت حەرامە

ماڵت ڕوخاوە نیرگەی ئەنەوێ ( ۱۱ : ۲ )

کەمالی لەپەراوێزدا نووسیویەتی :

(۲) مەسئەلە مەشهورە ( بزن بۆ شەوێ جێی خۆی خۆش ئەکا ) ( ۱۱ : ۲ )

ئەم کۆمێنتەی کەمالی لەوپەراوێزەدا ئەوە ڕووندەکاتەوە ، کە شێخ سەلام پەندی پێشینانی لەو دێرە شیعرەیدا بەکارهێناوە .

کەمالی دوای شیعرەکەی شێخ سەلام ، دەست دەکات بە ڕوونکردنەوە و باری سەرنجەکانی لە سە ر چوارینەکان بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو :

لە چوارینەی (۱ی ل ٤ )دا بۆ هەردوو نیوە دێڕی کۆتایی چوارینە کوردییە کە ، ژمارە ۲ ی لەسەر وشەی (دەستە )ینیوە دێڕی سێیەم داناوە .

ئەم گۆزە وەك من عاشقێ بو زار

بەتاڵی زوڵفی یاری گرفتار

ئەم دەستە ئێستا تەوقی ملیەتی

دەستێ بو کام دەست دەستی ملی یار (۱۱ :٤ )

لە پەراوێزدا ئەم ڕستەیەی نووسیوە ( کینایەیە لە قوڵفی گۆزە ).بەڵگەنەویستە کە کەمالی ئاگادار وشارەزای زانست و هونەرەکانی ڕەوانبێژی بووە ، بابەتی کینایەی لەو نیوە دێڕەدا بەدی کردووە .

لەچوارینەی (٢) دا ، ژمارەی پەراوێزی (١) لەسەر کۆتایی دوادێڕی چوارینەکە داناوە :

پیش از من و تو لیل ونهاری بودەاست

گردندەفلك برای کاری بوداست

زنهار قدم بەخاك اهستە نهی

کان مردمك چشم نگاری بوداست (١١ :٥ )

لەپەراوێزدا بۆ فارسیەکەی دەنووسێت :

سعدی لەم مەئالە زۆر شیعری هەیە مخصوص ئەم شیعرەی

خاك راهی کە بران میگوزری ساکن باش . کەعیون است وجفون است خدوداست ، قدود.(١١ : ٥ )

ئەم شیعرە لە غەزەلەکانی سعدیدا هەیە ،( غەزلی ٢٦ ، غزلیات سعدی ) (بڕوانە : ٢٥ ) مەبەستی لەو پەراوێزە ، تەنیا ئەوەیە شارەزایی وبەئاگایی خۆی لە ئەدەبیاتی فارسیدا دەربخات ، بەتایبەت لەبەرهەمەکانی شێخی سەعدیدا .

دوای شیعرەکەی شێخی سەعدی ئەم ڕستەیە و دێڕێك شیعری مەولاناخالیدی نووسیوە :

مەولاناخالیدی کوردی عەین مفهوم ئەفەرموێ :

پابخاك اهستە نە خالد کە این خاك سیاە

از **غبار خط** مهرویان سیمین تن بـــود ( ١١ : ٥ )

ئەم شیعرەی مەولاناخالید لە یادی مەرداندا هەیە (٢٢: ٥٠١ )

واتاکەی : خالد ، بە هێواشی پێ بە سەر خاکدا بنێ ، چونکە ئەم خاکە ڕەشە لە تۆز وغوباری خەت وخاڵی مانگ ڕوویان و لەش ولار سپییانی وەك زیو بووە ، یان پەیدا بووە .

کەمالی لەو پەراوێزانەدا ، هەرچەندە ڕاستەوخۆ بە نووسین باسی لە بابەتی دەقئاوێزان نەکردووە ، بەڵام هێنانەوەی چەند دێڕە شیعرێکی دووشاعیر و بەراوردکردنیان لەگەڵ چوارینەکەی خەیامدا وبەتایبەت دەربڕینی بیروڕایەك لە و ڕستەیەدا کەدەڵێت : سعدی لەم مەئالە زۆر شیعری هەیە ، یان کە دەڵێت ( مەولاناخالیدی کوردی عەین مفهوم ئەفەرموێ )(١١ :٥ ) ئەمانە بەڵگەی ئەوەن ، کە هەستی کردوە بەبوونی بابەتی لێکچونی دەقە شیعرییەکان و جۆرێك لە ئەدەبی بەراورد و لە ناویشیاندا ئاماژەیەکن بۆ میتۆدی **دەقاوێزان** . لەم سەردەمەدا لە زانستی ئەدەبی بەراوردکاریدا زاراوەی " ئینتەرتێکستوالیتی (Intertextuality ) وشەیەکی لاتینییە ، بە مانای – نێوان دەق ، نێوان تێکست " دێت ، ساڵی ١٩٦٦ زانای فەرەنسی(J. Kristeva ) یولیا کریستوڤا وەك چەمکێکی ئەدەبی هێنایە ناو ئەدەبناسی و بەکاریهێنا .(١٤ : ١٣٨ ) وەك کریستۆڤا ڕایدەگەیەنێت پوختەی ئەم میتۆدە ئەوەیە کە هەموودەقێك پێوەندییەکی لێکچوون و(چوونیەکیەك) یشی لەگەڵ دەقی دیکەدا هەیە ، یان ڕەنگدانەوەیان لە نێواندا هەیە. ( ٥ : ٤٢ ) . هەندێك جار هەر ئەو بیرە لەلای چەند شاعیرێك دەبینرێت . وەك ئەبو عەلای موعەڕی ( ٣٦٣ – ٤٤٩ ﻫ ) ( ٩٤٢-١٠٢٨ م ) ، کە پێش خەیام لە چامەیەکی بەرزی هونەریدا بۆ لاواندنەوەی(ابی حمزە ) دەڵێت :

غير مجد في ملتي واعتقـــادي نوح باك ولاترنم شـــــاد
صاح هذي قبورنا تملا الرحب فاين القبور من عهد عـاد
خفف الوطأ ما اظن اديم الارض الا مـــن هذه الاجســـــاد ( ٢٠: ٢٣٠ )

لەڕووی دەقئاوێزانییەوە، لێرەدا ئەوە بەدیدەکرێت ، کە ئەوبیرەی ئەبوعەلای موعەڕی لەو چەند دێڕەدا دەریبڕیوە ،هەرئەوەیـە ،کـە لەچـوارینەکەی خـەیام و دواتـریش لـە دێـڕە شـیعرەکەی مەولاناخالیدیشدا هـاتووە . بـەڵام لـەلای ئەبوعـەلا تـەنیا لایەنـە فەلسـەفی وفکرییەکەیـە بـەڕووتی دەرکەوتووە و بەردەوامی ئەو زەوی و خاکە لە لاشەکاندا دەبینێت، هۆی ئەمـەش لەبەر ئەوەیـە ، کـە ئەبوعـەلا هەسـتی بینـینی نـەبووە و نابینـابووە ، هەرچـی خـەیام و مەولاناخالیـدن بەوێنـەی شیعریی و ئاوڕدانەوە لە لایەنی ئیستاتیکاو خەت وخاڵی دەموچاو ولەشولاری سپی وزیووینی یار، بیرەکانیان وێناکردووە .
ئەم بیر و بۆچوونانەو دواتریش سەقامگیربوونیان لـە نێو چەمکی زاراوەی ئینتەرتێکستوالیتی ، ئـەوە دەگەیـەنێت ، مـرۆڤ کـە دێتـە ژیانـەوە هـیچ زانیارییـەکی زگمـاکی لەگـەڵ خۆیـدا نـەهێناوە و ئەوەی فێری دەبێت لە دەوروبەرەوەیە ، واتا ئەوەی فێری دەبێت هی خۆی نییە ، بەڵکو وەرگیراوە . لەم بارەیەوە زانای ئەدەب و ڕەخنەگری ناوداری ڕووس ( M.Bakhtine ) میخایل باختین ئەوە ڕادەگەیەنێت ، کە هەرچی وتراوە لەسەرەتای ژیانی مرۆڤایەتییەوە تا ئێستا ، تەنیا وتەکانی ئادەم نەبێت ، ئەوانیتر هەمووی لەسەر وتەی پێشتر بنیاد نراوە . ( ١٣ : ٨ ) . کەمالی بەو میتۆدە کاری لەسەر چوارینەکان کردووە و لەپەراوێزەکاندا ئەوبیرانەی بەنموونەی شیعریی لەیەکچوو، یان نزیک لەیەکەوە هێناوەتەوە .
لە چوارینـەی ژمارە (٤) دا لەپەراوێزدا هاتووە :
( بەهرام لەناو گوردا زۆر مەشهورە بەزمانی کوردی کتێبێکی بەهرام وگوڵ ئەندام هەیـە غرامـی یـە بەڵام لەچاپ نەدراوە . بهرام کوڕی (یەزدەجرد ) جێنشینی بوو بە(بـەهرام گـور ) مشهور بوو لـەبەر مەهارەتی لەڕاودا . ڕۆژێك خۆی و ئولاغی لەڕاودا وون بون بێ سەر وشوێن ڕۆیشتن .) ( ١١ : ٧ ) .
ئەم پەراوێزە ئەوەدەگەیەنێت ، کە لەوسەردەمانەدا هەندێ کتێبی چیرۆك هەبوون بەدەمی لە زمانی حەکایەت خوانەوە خوێنراونەتەوە ، هەندێ کەسی خەتخۆش و بەتوانا بەدەست نووسیویانەتەوە . واتە ئەو کتێبانە بەکەمی هـەبوون و خـەڵکی لەبـەریانکردوون، بەڵام بەچاپکراوی زۆرکـەم بوون . هـەر لـە پەراوێزەکـەی کەمالیـدا ، وشـە (ئـولاغ ) دەبینرێـت، وادیـارە لەوسـەردەمەدا ، واتـە نیـوەی یەکەمی سەدەی بیستەم (ولاغ ) بە ( ئولاغ ) نووسراوە یان گۆکراوە . کەواتای ئاژەڵ ، ولاغی بەرزە ، ئەسپ ، ماین ، هێستر ، گوێدرێژ ...هتد،دەگەیەنێت.
بۆ چوارینەی ژ( ٥ ) لەسەر نیوە دێڕی( ٤) نیشانەی (١ )داناوە :
هربرگ بنفشه کز زمین می روید
خالیست که بر رخ نگاری بوداست (١ ) ( ١١ : ٨ )
ئەم پەراوێزەی نووسیوە :
لەم نەوعە (سعدی ) جوانی فەرمووە: عجب نیست ازخاك اگر گل شكفت

که چندین گل اندام در خاك خفت    (١١ :٨ )

ئەم شیعرەی ( سعدی ) لە بوستان ، بابی نۆیەم ، حکایت : توبە و راە صواب هەیە (بڕوانە:٢٥ ) . ئەگەرچی کەمالی لەجیاتی وشەی ( از ) وشەی (بر) ی داناوە ، بەڵام هەڵە نییە و ئەو وشەیەش لەو شوێنەدا بەکاردێت . ئەوەی بەلای کەمالییەوە گرنگ بووە، لێکچونی دێڕە شیعرەکان بووە لە ڕووی ناوەڕۆك و واتاکانیانەوە ، کە لێرەشدا دەقئاوێزانی تێدا بەدی دەکرێت .

بۆ چوارینەی (٦)ی لا ٩١ لەسەر وشەی ( شد ) نشیانەی پەراوێزی (١ ) داناوە

افسوس کە سرمایە زکف بیرون شد(١)

وز دست اجل بسی جگرها خون شد    (١١ : ٩ )

لە پەراوێزدا نووسیویەتی : لە فارسیدا (شد) بە معنای (بون ) و (ڕۆیشتن) هاتووە . ئەم قسەیەی کەمالی ڕاستە بەتایبەت تا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم . ئەمەش شارەزایی کەمالی دەردەخات لە بواری زمانی فارسیدا .

بۆ چوارینەی( ٨) ، ئەم پەراوێزەی نووسیوە :

( ١) ئەم رباعی یە لە زۆر مجموعەی رباعی خەیام دا نەنوسراوە بەڵام دوکتور عبداللە جودت وحسین دانش هەردوکیان نوسیویانە ودیسان ( واین فیلد ) بە ئینگلیزی


(١١) (٨) فارسی
یاران موافق همە از دست شدند
در پای اجل یکان یکان پست شدند
خوردیم ز یک شراب در مجلس عمر
دوری دو سە پیشتر ز ما مست شدند (١)

(٨) کوردی
یارانی هاوسەر لەدەستم دەرچوون
لە دریای شێتی اجل سەرنگون
هەریک شراب و هەریک مجلس بو
بادەم دو دەورە لەمن زیاتر بون

(١) ئەم رباعی یە لە زۆر مجموعەی رباعی خیام دا نەنوسراوە
بەلام دوکتور عبداللە جودت و حسین دانش هەردوکیان نوسیویانە
ودیسان [ واین فیلد ] بە انگلیزی ترجمەی کردوە :

ترجمەی کردوە .ئەم پەراوێزە ئەوە دەگەیەنێت ، کەمالی زۆربەی زۆری ئەو کۆمەڵە چوارینە نووسراو وچاپکرا و وچاپ نەکراوانەی خەیامی ، ئەگەر لەبەردەستدا نەبووبێت زۆربەی زۆری

بینیون و خوێندونەتەوە .وەك لێكۆڵەرێكی ئەكادیمی، پشتی بەم سیانە بەستووە و بە ڕاستر و زانستیانەتری زانیووە . ئەم توێژینەوەیەش ڕاست ودروستی پەراوێزەكەی كەمالی دەسەلمێنێت ، ئەویش بەوەی ئەوچوارینەیە لە چەند كۆمەڵێكی دیكەشدا هەیە بەتایبەت ئەو چاپەی ،كە محەمەد عەلی فروغی ڕاستكردنەوە و بەراوردی كردوون .( ٨ : ٢٥ ) . لەلایەكی دیكەشەوە ئاماژەكردنی كەمالی بەوەرگێڕانەكەی واین فیلد ، ئەوەدەگەیەنێت ، ئەگەرچی كەمالی زمانی ئینگلیزیشی نەزانیبێت، بەلام دەشێت ئەو وەرگێرانەی واین فیلد ،كەلەبەردەستی كەمالیدا بووە بەشێوەی وەرگێڕانەكەی شێخ سەلام بووبێت ، واتە هەر چوارینەیەكی وەرگێردراو دەقی چوارینە فارسییەكەشی لەگەڵدابووبێت ، وەك ئەوەی شێخ سەلام و ئەو كتێبە چاپكراوەی كە وەرگێرانی چوارینەكانی خەیامی تێدایە بە چەند زمانێك ( بڕوانە :١٠ )

(لە چوارینەی ژ١١ی ل ١٤ دا ،لەسەر دێڕی یەكەمی دەقە فارسییەكە ژمارە(١) داناوە :

ابر امد و باز بر سبزه گریست

بی بادهٔ گل رنگ نمی باید زیست

این سبزه كه امروز تماشاگه ماست

تا سبزهٔ خاك ما تماشاگه كیست ( ١١ : ١٤ )

لە پەراوێزدا نووسیویەتی : لەم نەوعە مەولەوی ئەفەرموێ :

سەوزەی خاك پاك یاران هام فەرد

فرەمان وەفەرش بەزم وێمان كەرد

كەی سەوزەی ئێمەیچ نەكام هەردێ بۆ ؟

وەفەرش مەجلیس كام هام فەردێ بۆ ؟ ( ١١ : ١٤ )

وشەی (كەی ) لەنیوە دێڕی سێیەمدا لە دیوانی مەولەویدا(كەو) ە .(١٩ :٤٥٢ ) بە واتای ئاخۆ دێت . هەردوو تێكستەكە لەڕووی ناوەڕۆكەوە هەڵگری یەك واتاو مەبەستن ، ئەگەرچی شێوازی دەربڕینیان جیاوازیش بێت ،واتای تێكستە فارسییەكە ، زۆر لە شیعرەكەی مەولەوییەوە نزیكە . چوارینە فارسییەكەی خەیام دەڵێت :

هەور هات و جارێكی تریش بەسەر سەوزەگیادا گریا ، بێ بادەی سوری گوڵ ڕەنگ ژیان نابێت ، ئەم سەوزییەی كە ئەمڕۆ تەماشاگا و سەیرانگای ئێمەیە ئاخۆ سبەینێ كێ سەیری سەوزەی خاك وخۆڵی ئێمەبكات ؟ .

دەقئاوێزانییەكە لە شیعرەكەی مەولەویدا دەردەكەوێت و بەتەواوی لەگەڵ بیرەكەی خەیام و وێنە شیعرییەكەیشدا وەك یەكی و لێكچون دەبینرێت . كەمالی ، جگە لەوەی كەخۆی شاعیر ونووسەربووە ، وەك خوێنەرێكی ورد و بەسەلیقە پەی بە پێوەندی نێوان دەقەكان بردووە ، بەو پێیەی ( ئینتەرتێكستوالیتی دەیەوێ پەی بە پەیوەندیی نێوان دەقەكان بباو نیشانیان بدا . هیچ دەقێكی ئەدەبی دیاردەیەكی لاچەپ و كەنارگیر نییە ، بەڵكو "مۆزاییكی دەق " پێكدێنێ . بەم پێیە تێكست " دەق پێگرتن وهەڵگەڕانەوەی " دەقێكی ترە .. ئەم چەمكەنەك هەر نووسەر و بەرهەم ،

بەڵکو خوێنەریش دەگرێتەوە ..) ( ٤ : ١٠ ) بۆیە هێنانەوەی ئەو نموونە شیعرییەی مەولەوی و شیعری شاعیرانی تریش بۆ چوارینەکان ، بەڵگەی تێگەیشتنی کەمالییە لە واتای شیعرە کان و لە چەمکی دەقئاوێزانیش .

واتای ئەو دوودێڕەشیعرەی مەولەوی ئەمەیە :

ئێمە زۆر جار سەوزایی سەرخاکی پاکی گۆڕی دۆستانمان کرد بە فەرش بۆ ئاهەنگ وڕابواردنی خۆمان و لەسەری دانیشتین ، ئاخۆ سەوزی سەر گۆڕی ئێمەش لە کام هەردا بێت وببێ بە فەرشی ئاهەنگی کام دۆست و برادەر ؟ ( ١٩ : ٤٥٢ ) .

لە پەراوێزی لاپەڕەی ١٥ دا ، بۆ چوارینەی (١٢) ئەم دێڕەی نووسیوە ودێڕەشیعرێکی خواجەی کرمانی هێناوەتەوە : خواجوی کرمانی لەم ڕەنگە ئەفەرمێ :

گر پر از لاله سیراب بود دامن کوه

نیست ان لاله که خون جگرفرهاد است ( ١١ : ١٥ )

ئەم دێڕە شیعرە لە ( غزلیات ، غزل شماره ١١١) دا هەیە ( بڕوانە : ٢٥ ).

بۆ چوارینە ( ١٥ ) کە ئەمە دەقەکەیەتی :

چون ابر به نوروز رخ لاله بشست

برخیز و به جام باده کن عزم درست

کاین سبزه که امروز تماشاگه تست

فردا همه از خاك تو می خواهدرست ( ١١ :١٨ )

لەپەراوێزدا دەڵێت :

( سعدی شیرازی ) لەم بابەتەوە ئەفەرموێ بزانە چەند جوانە

وەکە هرگاه سبزه دربستان بدمیدی چه خوش بدی دل من

بگزرای دوست تابه وقت بهار سبزه بینی دمیده از گل من

ئەم شیعرە لە گولستاندا هەیە . (١٢: ٣١٣ ) .

لەو دووتێکستەدا هاو واتاییەك لەناوەڕۆکی هەردوو چوارینەکەدا دەبینرێت ،بەوەی کە لە هەردوو وێنە شیعرییەکەدا دیمەنەکانی سروشت ، لەباران و گوڵ و سەوزایی دەشت لە بەهارو نەورۆزدا ،پێکهێنەری دیمەنی بەهارن ، واتا ژیانەوە و سەرلەنوێ سەوز بوونەوە وبوژانەوەیە ، کە بەواتای ژیانەوەی گیانی مرۆڤەکانە ، لەدوای مردنیان.

لە پەراوێزی لاپەڕە (١٩) دا بۆ چوارینەی (١٦ )

گویند که دوزەخ بود مردم مست

قولی است خلاف دل در ان نتوان بست

گر عاشق مست دوزخی خواهد بود

فردا باشد بهشت هم چون کف دست ( ١١ : ١٩ )

دەڵێت :

لە نوسخەی حسین دانش دا ، ئەم رباعییە نییە لکن لە هەمو نسخەکانی تردا هەیە .ئەم قسەیەی کەمالی ڕاستە ، بە بەڵگەی ئەوەی ، کە ئەم چوارینەیە لە نوسخەی پوختەکراوی محەمەد عەلی فروغیشدا هەیە ( ٨: ١٢ ) .

لە پەراوێزی لاپەڕە (٢٠) دا بۆ چوارینەی (١٧ ) دەنووسێت :

کنایەیە لە لاشەی مردو یعنی لاشە جارێکی تر زندونابێتەوە ، لێرەدا (خەیام ) ایما بۆ مەزهەبی تناسخ ئەکات .

لای ئیسلام ئایتی (یحی العظام وهی رمیم ) صریح وڕاستە . ( ١١ : ٢٠ )

ئەم لێکدانەوەیەی کەمالی فرە لایەنە ، لە ڕووی هونەری ڕەوانبێژییەوە باس لە درکە (کینایە) دەکات ، لە وێنە شیعرییەکەی خەیامدا جۆری درکەکە ،درکەیە لەمەوصوف(باسکراو، دەرخراو ) کە مرۆڤە .لە لایەکی دیکەوە مەبەستی خەیام ڕوندەکاتەوە ، کە خەیام ئاماژە بە چەمکی دوناودوون ( التناسخ ) دەکات . بەڵام دواتر ڕستەیەك دەنووسێت بە هێنانەوەی بەڵگە ودیکۆمێنتێکی قورئانی دەکات ، کە پێچەوانەی ڕاکەی خەیامە و کەمالی بەهێنانەوەی ئەو ئایەتە ، ئەوە دەردەخات ، کەبڕوای بە ئایەتەکەیە بۆیە دەڵێت : لای ئیسلام ئایتی (یحی العظام وهی رمیم ) صریح وڕاستە .

لە پەراوێزی لاپەڕە (٢١) دا بۆ چوارینەی (١٨ ) دەڵێت :

( جنگ هفتاد ودو ملت همە را عزر بنە . چون ندیدحقیقت رە افسانە زدند )

ئەم دێڕەی لە دیوانەکەی حافزدا ، لەلاپەڕە (١٠٨ ) هەیە ، هەر بەو شێوە و ڕێنووسەی ،کە کەمالی نووسیویەتی .( ٦ :١٠٨ )

لە پەراوێزی لاپەڕە (٢٢) دا لەباتی ژمارە لەناو کەوانەدا سێ خاڵی بەم شێوەیە نووسیوە ( ∴ ) و بۆ تێبینی دووەم لەباتی سێ خاڵ لە ناو کەوانەدا چوار خاڵی داناوە بەم شێوەیە ( ⁘ ) هەرچی ئەوەی لە پەراوێزەکەدا نووسیویەتی ڕەخنەیەکی ئەدەبی ئەوتۆ نییە ، بەڵکو وتەیەکی کۆمەڵایەتی ئاساییە .

دەقی چوارینەکە :

قومی زگزاف در غرور افتادند (∴)

قومی ز پی حور و قصور افتادند

معلوم شود چو پر دهابر دارند

کز کوی تو دور دور دور افتاد

بۆ چوارینە بەکوردی کراوەکەی ژمارە (٢٠ ) لەسەر وشەی هاکاها (٢) داناوە:

هاکاها[٢] جارچی دەنگی هەڵبڕی

هەمووتان کوێرن ڕێی ڕاست نابینن (١١ :٢٣ )

و لە پەراوێزدا ڕوونیکردۆتەوە و دەڵێ :

هاکا ها دەنگێکە دائیمەن لەنزیکترین وەختی وقوعاتدا ئەبێژرێ‌ئەڵێن :
هاکا ها ڕۆیی یاخو هات .( ١١ : ٢٣ ) ئەم کۆمێنتەش ،شتێکی ئاساییە و هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ لە ڕوونکردنەوەکەدا نابینرێت .
بۆ چوارینەی (٢٤ ) ی لاپەڕە( ٢٧) ئەم پەراوێزەی نووسیوە :
(١ ) لە زۆرنوسخەدا ئەم روباعیە موجود نییە ، بەڵام موحقق بە رباعیاتی عمر خیام ژمێرراوە . ئەم سەرنجەی کەمالی بەڵگەی ئەوەیە ئەو( زۆر نوسخانەی ) بینیوە و وەك لێکۆڵەرێك بەدوای ئەو چوارینەیەدا گەڕاوە .
بۆ چوارینەی ( ٢٥ ) کە ئەمە دەقەکەیەتی :
بنگر زصبا دامن گل چاك شد
بلبل زجمال گل طربناك شد
در سایهٔ گل نشین کە بسیار این گل
از خاك بر امد است در خاك شد (١١ :٢٨ )
لەپەراوێزدا ، دێڕە شیعری شاهی هێناوەتەوە و دەنووسێت :
ئەم شیعرەی ( شاهی ) مناسبتی بەم شیعرەوە زۆرە .
تا گل از باد صبا بوی تو یافت جامها پارە کرد برتن خویش ( بڕوانە :٢٥ )
دەقئاوێزانی لە وێنە شیعرییەکانی هەر دوو تێکستە کەدا بەڕوونی دەبینرێن و بیرەکەش لەهەردووکیاندا وەك یەکە ، کە باس لە جوانی گوڵ و کرانەوەی خونچە دەکات ، کە بەبای بەرەبەیان دەکرێتەوە .
لە پەراوێزی ئەم چوارینەیەی لاپەڕە ٣٠ دا ، کەمالی لەسەر وەرگێڕانەکەی شێخ سەلام قسەی کردووە ، ئەمە چوارینەکەو دەقی وەرگێڕانەکەیەتی :
یکچند بە کودکی بە استاد شدیم
یکچند بە استادی خود شاد شدیم
پایان سخن نگر کە مارا چە رسد
چون اب در امدیم و چون باد شدیم (١١ :٣٠ )
وەرگێڕانەکەی شیخ سەلام :
چەندی خەریکی ئاو وگڵ ئە بوین
یا بە سەر بادا ئەهاتین ئەچوین
قسە هەزارە هەردووی بەکارە
وەکو ئاو هاتین وەکو ( با ) ئەڕۆین ( ١١ : ٣٠ )
لە پەراوێزدا ،کەمالی باش سەرنجی هەردوو دەقەکەی داوە ، بۆیە لە بارەی وەرگێڕانەکەوە دەڵێت : لەم تەرجەمەیەدا تصرف لە شیعری ئەوەڵدا هەیە و لە شیعری دوهەمدا تصرف نەکراوە .( ١١ : ٣٠ ) واتە شێخ سەلام لە وەرگێڕانەکەدا لە واتا و مەبەستی دێڕە شیعرەکە لای داوە وبە خواستی خۆی وەریگێڕاوە .

لە پەراوێزی ل ٣١ دا ، هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبی چاکی بۆ نیوە دێڕی کۆتایی وەرگێڕانەکەی شێخ سەلام کردووە ، ئەویش بەوەی بەرزترلە دەقە بنەڕەتییەکە دەینرخێنێت وپاڵپشتیی وەرگێردەکات بەوەی ، کەموکورتییەك لە چوارینە بنەڕەتییەکەدا هەست پێدەکات و دەڵێت :

سوئالی نیوە شیعری دوایی هەرچەند لە ئەصڵی روباعیدا مەوجود نییە ، لاکن مەعنەن ئەم سوئالە پێویستە و جوملەیەکی زەرورییە بۆ خاتیمەی روباعی .

نیوەدێڕە بنەڕەتییەکە بە فارسی : ( رفتند وروند ودیگر ایند وروند )

نیوە دێرە بەکوردی کراوەکە : ( هەرچی بیٚ ئەڕوا و <u>ڕۆیو چی لێدیٚ</u> ) (١١ :٣١)

کەمالی لێکدانەوەیەکی تەواو و پڕاوپڕی بۆ دەقی چوارینەی ژمارە ٣٠ ی لاپەڕەی ٣٣ کردووە ، ئەمە دەقی چوارینەکە یە بەفارسی و بە کوردی :

این چرخ چو گاسی است نگون افتاد
دروی همه زیرکان زبون افتاد
در دوستی شیشه وساغر نگرید
لب بر لب ودر میانه خون افتاد (٢ )   ( ١١ : ٣٣ )

گردون تاسێکی دەمەو نخونە
دانا لە ژێریا زار و زبونە
سەیری دۆستی پیاڵە و شیشە کەن
خوێن لە بینیانا بادەی گلگونە   ( ١١ : ٣٣ )

---

( ٢ ) کنایەیە لە دەمی صوراحی و لێوی پیاڵە کە شەرابی تیٚ ئەکەن .

شرابی ئاڵ کە وەکو خوێن وایە لە صوراحییەوە ئەڕژێتە پیاڵە و مەعلومە کە دوو کەس کە خوێن کەوتە بەینیان دوستییان ممکین نییە . کەچی بەعکسی ئەمەوە صوراحی وپیاڵە هەر دۆستن.

بۆ چوارینەی ژمارە( ٣١ ) ، ژمارەی لەسەر نیوە دێڕی یەکەمی وەرگێڕانەکەی شێخ سەلام داناوە کە ئەمە دەقەکەیەتی :

بەینی کفر ودین هەناسەیەکە (١ )
ڕێی شك و یەقین هەناسەیەکە
خۆش بژی بۆ خۆت بە شۆخ وشەنگی
کەعومری شیرین هەناسەیەکە ( ١١ : ٣٤ )

ئەگەر بەوردی سەرنجی پەراوێزەکەی کەمالی بدرێت ، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت ، کە کۆمێنتەکەی کەمالی زۆر لەتێکستەکە بەهێزترە و بەهۆی ڕوونکردنەوەکەی کەمالییەوە خوێنەر دەچێتە نێو

دەقەکەو لەواتا قوڵەکەی شاعیر تێدەگات .ئەمەش دەقی پەراوێزەکەی کەمالییە :

(١) بینی کەلیمەی ( لااله ) وکەلیمەی ( الا الله ) یەك هەناسەیە وبینی ڕێگای کفر ویقین عینی شتە و عومری شیرین دیسان مەعلومە یەك نەفەسە – .

واتە لەخوێندنەوە وگوتنی (لااله الاالله ) دا وەستان و هەناسە دانەوەیەك لەنێوان وشەی یەکەم کە (لااله ) یە و وشەی دووەمدا کە( الاالله) یە هەیە*.

بۆ چوارینەی (٤٢ ) کە ئەمە دەقەفارسی وکوردییەکەیەتی :

ای بر سری سروران عالم فیروز

دانی کە چە وقت می بود روح افروز

یکشنبە ودوشنبەو سەشمبەو چار

پنج شنبە و ادینەو شنبە شب وروز (١١ : ٤٥ )

---

شیرین شیرینی فەرمو بەخوسرەو

کە کەی مەی بە ڕۆح ئەبەخشێ برەو

یەك شەم دوشەمە ، سێشەمە چوار

پێنجشەمە ،جمعە ،شەمە ڕۆژ و شەو (١١ : ٤٥ )

لەپەراوێزی لاپەڕە (٤٥ )دا ، ئەم ڕەخنە زانستییەی لە وەرگێڕانەکەی شێخ سەلام گرتووە ، بەشێوەیەکی زانستی باسی پرنسیپەکانی هونەری وەرگێڕان دەکات و ئامانج ومەبەستی سەرەکیی وەرگێڕان لەو کارە هونەرییەدا دەردەخات . ئەمە دەقی ڕەخنەکەی کەمالییە : ( ترجمەی نیوە شیعری ئەوەڵ هیچ لە نیوە شیعری فارسیەکە ناکات بەلأم مەقصەد لە ترجمە دەرخستنی مەعنای ئەصڵەکەیە . و مەقصەد لەمە ئەوەیە کە هەموو ڕۆژێ شەراب خواردنەوە ڕۆح ئەفزایە ئیتر ئەمە شیرین بە خەسرەو بڵێ یا عاشق بە مەعشوق بڵێ فەرقی نییە(١١ :٤٥ ). کەمالی لەم پەراوێزەدا مەبەستی ئەوەیە وەرگێڕانەکەی شێخ سەلام وەرگێرانی واتا بە واتایە نەك واتای تەواوی دەقەکە .

عشقی مجازی عشقێکی ووشکە

وەکو ئاگری قامیش و پوشکە

---

* ( بۆ ئەم دۆخە دەنگسازییە پرسیارم لە دکتۆر هۆگر مەحموود کرد، ئەویش لەگەڵ تێبینییە وردەکەی کەمالیدایەو بەم شێوەیە ڕوونی کردەوە ) ئەگەر دەنگی (ە ) و بزوێنەکە بە دوایدا نەیەت ، کە ( هە – he ) دەردەچێت ، ئەم ( هە) یە خۆی وەك هەناسە دانەوە وایە ، نەك هەناسە هەڵکێشان .

بۆیە پەراوێزەکەی کەمالی بەتەواوی ئەو(گوتنەی ) مەبەستە. لەلایەکی دیکەشەوە ، ئەگەر بەتەنیا (لااله) ش بگوترێت و وشەی دووەم نەڵێیت کوفرە . چونکە (لااله )، ئەگەر بەتەنیا بگوترێت ، شك وگومانە و (الا الله) کەی بە دوادا هات ، لەلای خاوەن بڕواکان و موسوڵمانان دڵنیایی و یەقینە .دیسان لەڕستەی کۆتایی پەراوێزەکەشدا ، باس لە دوواهەناسەی سەرەمەرگ دەکات ،بەوەی کەدەڵێت : ئاشکرایە ،کە دەرچوونی گیانی شیرین یەك هەناسەیە و ئیتر کۆتایی دێت .

عاشق بیٚ قەرار ڕۆژ ومانگ وساڵ

خواردن وخەوتن مار ودوپشکە (١١ : ٤٦ )

لەپەراوێزی ئەو لاپەڕەیەدا بۆ ئەو چوارینە دەڵێت :

مەولەوی بە عەکسی ئەمە ئەفەرموێ :

تامەجاز نەبو حقیق نمە بو . حقیق بیٚ مجاز تحقیق نمبو (١١ :٤٦)



(٤٦)

(٩٦) فارسی

عشق کر مجازی بود آتیش نبود

چون آتش نیم مرده تابش نبود

عاشق باید که سال و ماه و شب و روز

آرام و قرار و خورد و خوابش نبود

(٩٦) کوردی

عشق مجازی عشقیکی وه‌شکه

وکو آگری قامیش و پو شکه

عاشق بی قرار رۆژ و مانگ و سال

خواردن و خه‌وتن مار و دوپشکه

مولوی به‌عکسی ئه‌مه ئه‌فرموی :

تا مجاز نه بو حقیق نمه‌بو . حقیق بی مجاز تحقیق نمبو

دیسان جامی فرمویه‌تی :

شنیدم شد مریدی پیش پیری که باشد در سلوکش دستگیری

بگفت ار پا نشد از عشقت ازجا برو عاشق شو آنگه پیش من آی

دیسان جامی فەرمویەتی :

شنیدم شـد مریدی پیش پیری که باشد در سلوکش دست گیری

بگفت ار پا نشد از عشقت ازی برو عاشق شو انگه پیش من ای (١١ :٤٦ )

بۆ نیوە دێڕی سێیەمی ئەم چوارینەیە ، کە شێخ سەلام کردوویەتی بە کوردی :

شکا زڕەی هات زیڕاندی ووتی

پیاویٚ بوم وەك تۆ خاوەن زەدو خورد (١١ :٥٠ )

کەمالی دەڵێت ئەم نیوە شیعرە وا بەلیغە :

( زڕەی هات شکا ، زیڕاندی ووتی ) (١١ :٥٠ )

سەرنجەکەی کەمالی لەجێگای خۆیدایە ، چونکە شوشە و دەفری لەوجۆرە ( شکستەنی ) ، لەکاتی کەوتنیاندا زڕەیان لێدێت و هەندێك جاریش ناشکێن ، کەواتە زڕەزڕەکە پێش شکانەکەیە.

لە لاپەڕە ٥٣ و ٥٤ دا، بۆ چوارینەی ژمارە ٥٠ و ٥١ ، سەرنج و تێبینییەکی نووسیوە ،ئەگەر وەك ڕەخنەی ئەمڕۆ بەپێی سەردەم ناوی لێبنرێت ، دەشێت بگوترێت ، کەمالی لە بەراوردکردنی

ئەو دوو دەقەدا بەمیتۆدی شێوازگەرییانە لەڕوانگەی تێکستەوە مامەڵەی لە گەڵدا کردوون و هەر بەو میتۆدە ڕەخنەکەی نووسیوە ، ئەویش بەوەی لە خوێندنەوەی تێکستەکان و بەراوردکردنی چوارینەکانەوە بۆ مەبەستەکە دەچێت.

دوای ئەو ڕوونکردنەوەیە ، ئەم ڕستەیەی نووسیوە : زۆر ئیختیلاف لەم ڕوباعیەو لە ڕوباعی دوای ئەمە دا هەیە . لەلاپەرە ٥١ دا بۆ هەردوو چوارینەکە دەنووسێت : ڕوباعی پێشو و ئەم ڕوباعییە شێوەی زۆرکەم لە قسەی خەیام ئەکات . حکایەتی لەسەرە کە با وفەرتەنە شەرابی خەیام ئەڕژێنێ ڕوباعی ئەوەڵ کە ئەڵێ ڕوی ڕەش ئەبێ لەپاشدا ڕوباعی دوهەم ئەڵێ ڕوی سپی ئەبێتەوە .( ١١ : ٥٣ و ٥٤ ) کەمالی بە باشی لە شێوازی خەیام شارەزابووە وهەرچەندە بە تەواوی ناڵێت ئەو دووچوارینەیە هی خەیام نین ، بەڵام لە گوماندا بووە و دەڵێت زۆر بەکەمی لە قسەی خەیام دەکات و تاڕادەیەکی زۆر ئەو دووچوارینەیەی بە بەرهەمی خەیام نەزانیوە ، بەڵگەی ئەوەش کەئەم بۆچوونەی کەمالی بەڕاست دەسەلمێنێت ئەوەیە ، کە ئەو دوو چوارینەیە لە کتێبی چوارینەکانی خەیام ( ڕاستکردنەوەی محەمەد عەلی فروغیدا نییە ) ( ٨ : - ) .

لەپەراوێزی ل( ٥٧ ) دا و لەبەراوردی نوسخەی عەبدوڵا جەودەت و ئەم نوسخەیەی شێخ سەلامدا، لە نیوە دێڕی یەکەمدا ، جگە لەوەی هەستی بە جیاوازی وشەی ( مستم ) و ( هستم ) کردووە ، وەك لێکۆڵەرێکی ڕەوانبێژی و شارەزا لە بابەتی سەروا دا دەڵێت ( گرمن زمی مغانە مستم هستم) ئەمە جوانترە چونکە ممکین نیە نیوە شیعرێك ئاخری مستم بێ و دونیوە شیعرەکەی تر ئاخریان هستم بێ )( ١١ : ٥٧ ) لەڕاستیدا یەکێك لە مەرجەکانی چوارینە لە ڕووی سەرواوە ئەوەیە ، کەدەبێت سەروای نیوە دێرەکان بەم شێوەیە بن ( ا .ا ب.ا .) .

لە لاپەڕەی( ٥٨ ) دا ، هەستی بە لێکچوون و هاوواتایی ئەم چوارینەیە کردووە و دەڵێت : رباعی ( ٥٢ ) ی پێشەوە عەینی مەئالە و عەینی مەعنا ئەبەخشێ . ئەم سەرنجەی بۆ هەندێك چوارینەی تریش نووسیوە و لە ڕاستیشدا بۆچوونەکەی ڕاستە ( ١١ : ٦٥ ، ٧٢ ، ٧٣، ) 

بۆ ئەم چوارینە وەرگێڕدراوە ، واتاو مانای ئەو وشانەی کە شێخ سەلام بەکاریهێناوەڕووندەکاتەوە ، ئەمەدەقی چوارینەکەیە :

دوو کەس لەدنیا ئیشیان تەواوە

چەرخ وەك خەڕەك لایان سوواوە

یەك خەبەر داریێ تەواو تێبگا

دوو بێ خەبەر بی لەم بەند و باوە ( ١١ :٦٣ )

لە پەراوێزدا واتای وشەی بەند وباوی بەم شێوەیە نووسیوە .

بەند وباو : یەعنی ئاین وئۆین . حیلە وحەواڵە . فێڵ وفڕ (١١ :٦٣ )

ئەم سەرنجە زمانییە ،بەڵگەی شارەزایی و بەئاگایی کەمالی دەردەخات لە بواری ئیدیۆمەکانی زمانی کوردیدا .

لەلاپەڕە( ٦٦ ) دا ، ئەم پەراوێزەی نووسیوە :

بعضي لايان وايە كە ئەم ڕوباعیە هینی حكیمی مەشهور ( ابن سینا )یە و دكتور عبداللە جودت نەینووسیوە بەڵام لە وەزن و ئوسلوبی دیارە هینی خەیامە .

كەمالی لەم ڕەخنەیەیدا لەدەقەوە بۆ شێوازی خاوەن دەق چووە و دوو بنەمای سەرەكیی شیعرەكەی كردووە بە بەڵگە ، كە كێش و شێوازن ، هەرچەندە ئەوسەردەمە ئەم جۆرە ڕەخنەیە باوی نەبووە ، دەكرێت بگوترێت كەمالی بە میتۆدی شێوازناسی باسی لە شێوازی شاعیر كردوە و شێوازی خەیامی ناسیوەتەوە .

بۆ چوارینەی ( ٦٤ ) لەلاپەڕەی ( ٦٧ )دا ئەم پەراوێزەی نووسیوە :

( ئەبو عەللای موعەری ) لەم خصوصەوە جوانی وتوە :

**افيقوا افيقوا يا غواة فانما دياناتكم مكر من القدماء**

**ارادوابها جمع الحطام وادركوا وماتوا ودامت سنة للماء** ( ١١ : ٦٧ )

بەڵام لە (اللزوميات )دا نیوە دێڕی كۆتایی بەم شێوەیەیە :

وبادوا وماتت سنة اللؤماء ( ٢٠ : ٧٤ )

ئەوجیاوازییە نە كاردەكاتە سەر واتا و مەبەستی شیعرەكە و نەكۆمێنتەكەی كەمالیش ، چونكە ڕەخنەگر لێرەدا واتا و ناوەڕۆكی مەبەست بووە ، هەستی بە لێكچوون وهاو بیرییەكەی خەیام و ئەبوعەلای موعەڕی كردووە ، كە لەو دوو پارچەیەدا دەقئاوێزانییەك دروست بووە .كە ئەویش لە هەردوو تێكستە شیعرییەكەدا لێكچوون و هاوواتاییە.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا ئەو ئەنجامە بەدەستهێنراوە ، كە ئەم دەستنووسە لەمێژووی ئەدەبی كوردیدا وەك دۆكۆمێنت ودەستنووسێكی گرنگ وبەنرخ وپڕبەهای ئەدەبی دادەنرێت ، چونكە كەمالی لەو كارەیدا تەنیا خەت خۆش و خەت نووسێك نەبووە ، بەڵكو وەك توێژەر و ڕەخنەگرێكی بەتواناو شارەزا لە زۆربەی زۆری زانستە ئەدەبییەكاندا تێبینی وسەرنجەكانی نووسیوە ، هەرچەندە ئەو سەردەمە ڕێبازی لێكۆڵینەوەی زانستی لەم ئاستەی ئێستادا نەبووە ، بەڵام وەك لێكۆڵەرێكی شارەزا مەرجە سەرەكییەكانی توێژینەوەی لەو دەستخەتەدا بەكارهێناوە ، بەتایبەتی چۆنیەتی پەراوێز نووسین و دانانی نیشانە وژمارە بۆ تێبینی و كۆمێنتەكان و ئاماژەكردن بەدیوانی شاعیران وكتێبی ئەدەبی و ئاینی وفەلسەفی لە پەراوێزەكاندا . نووسینی ئەو پەراوێزانە ئاستی ڕوناكبیری وشارەزایی كەمالی لەم بابەتە زانستیانەدا دەردەخەن: ، لەبواری زانستی زمان و زانینی چەند زمانێك وەك زمانی كوردی وعەرەبی وفارسی و توركی و شارەزایی وئاگاداربوونی لە بابەتە جیاوازەكانی زانستی ڕەوانبێژی وئەدەبی بەراورد كاری ودەقئاوێزان و لایەنە هونەرییەكانی شیعری كلاسیكی . لە هونەری وەرگێڕانیشدا، باری سەرنجەكانی ئەوە دەگەیەنن ، كە ئاگاداری جۆرەكانی وەرگێڕان و مەرجی وەرگێڕانی سەركەوتوو بووە، بەتایبەتی وەرگێڕانی دەقی شیعری و ناسینەوە و جیاكردنەوەی چوارینەی ڕاست ودروستی خەیام و بەراوردكردنیان لەگەڵ چوارینەو دێڕە شیعری شاعیرانی دیكەدا ، ئەویش لەڕێگای شارەزایی و ناسینەوەی شێوازی تایبەتی

شاعیرەکانەوە.

هەندێك لە ڕوونکردنەوە ڕەخنەییەکانی کەمالی ئەوەندە ورد و جوان وسەرنج ڕاکێشن ، زیادە ڕۆیی نییە ئەگەر بگوترێت لەئاستی دەقە شیعرییەکە، بەرزترە و دوای خوێندنەوەی پەراوێزەکە هێز وپێز وجوانییەکی سەربار بەتێکستە شیعرییەکە دەبەخشێت .

**پاشکۆ**

* خەیام ، ناوی حەکیم ئەبوئەلفتح غەیاث ئەلد ین عومەر کوری ابراهیم ) ە نازناوی خەیام وهەندێك جاریش خەیامی بووە ، ساڵی ٤٠٧ کۆچی لەدایك بووە و لەساڵی ٥١٧ کۆچی ، لە نیشاپور کۆچی دواییکردووە . چوارینەکانی خەیام بەزمانی فارسی نووسراون و بۆ ٣٠ سی زمان وەرگێڕدراون. جگە لەچوارینە و شیعر ، ٢٠ بیست بەرهەمی نووسراوی لە کتێب و نامیلکەی تر لەبواری زانستە جیاوازەکاندا هەیە ( ٨ : مقدمە )

* شێخ سەلام : ناوی (سەلام ئەحمەد عەبدولکەریم ) ە ساڵی ١٨٩٢ لە گوندی عازەبان لەدایکبووە ، ڕووناکبیر وزمانزان و شاعیرێکی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بووە ، یەکەم دیوانی شیعری لە ساڵی ١٩٥٨دا بڵاوکردۆتەوە . جگە لە شیعر بەوەرگێڕانی چوارینەکانی خەیام ناو و ناوبانگی دەرکردووە ، چوارینەکانی نەخەعیشی کردووە بەکوردی و هەندێك نووسین وبەرهەمی دیکەشی هەیە .( ١٦ : ٢٨٧ ) ، ڕۆژی ٣ی مارتی ١٩٥٩ کۆچی دوایی کردووە.

* عەلی باپیر ئاغا ، ناوی ( عەلی ) کوڕی باپیر ئاغای کوڕی چراغە ، ساڵی( ١٨٨٦) لە سلێمانی لە دایك بووە ، نازناوی شیعریی (کەمالی ) یە . کەمالی وەکو نەریتی ئەوسای کوردستان لە مزگەوتی دوودەرگا لە سەر شەقامی – نالی – یە ، خراوەتە بەر خوێندن .. پاش ئەوەی خوێندنی کتێبە ئاینییەکان تەواودەکات ، درێژە بەو جۆرە ژیانە نادات و دەبێت بە نووسەر – کاتب – و لە ساڵی (١٩٠٦ – ١٩٠٧ ) دا بۆ ئەم ئیشە بۆ بەغداد دەگوێزرێتەوە...لە ساڵی ( ١٩٢٨ ) دا ، بۆ شاری هەڵەبجە گەڕاوەتەوە و لەوێ تا ساڵی ١٩٥٠ نیشتەجێ بوو . { ئەم کورتە نووسینە لەسەر ژیاننامەی کەمالی لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە بڕوانە : ( ١١ : ١٢ ، ١٤ ).

* مەحمود بەگی ئەوڕەحمانە ئەفەندی ، کەسایەتییەکی ناسراو و ڕووناکبیر بووە لە هەڵەبجە ،خاڵی سید کازم سەید جەواد بووە ، خاوەن موڵك بووە ،فەرمانبەربووە لە دادگای هەڵەبجە ، پێوەندیی دۆستانەو ڕۆشنبیریانەی لەگەڵ زۆر لە شاعیر و نووسەر و ڕووناکبیرەکانی سەردەمی خۆیدا هەبووە ، پیاوێکی خێرەوەمەند و بەخشندەبووە ، لە بۆردومانەکەی ساڵی ١٩٧٤ لەناو ماڵەکەیدا بە بۆمبی ناپاڵم شەهید بوو .

**سەرچاوەکان**


1) Gotz schregle Deutsch – Arabisches Worterbuch,1977

2)ENGLISH DICTIONARY,1974 MUNIR BAALBAKI Al- MAWRID, A MODERN

3- ئالیکساندەر دیما ، پرینسیبەکانی ئەدەبناسی بەراورد ، وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محمد ، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ،٢٠١١ .

4- ئەنوەر قادر محمد، دەقئاوێزانی شیعری ،مەولانای ڕۆمی و مەولەوی،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B ، ژمارە ١٨، تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ .

٥ - جولیا **کریستیڤا** ، علم النص ،ترجمة فرید الزاهي ، مراجعة عبدالجلیل ناظم ، طبعة ١ ، الدار البیضاء ١٩٩٤ .

٦ - حافظ ، دیوانی حافظ ، از روی نسخەئ غنی وقزوینی ، بامقدمە جلال لاهیجی ، انتشارات اروند ،١٣٧٧.

٧ –حلاق ، د.حسان حلاق و د.محمد منيرسعد الدين ، المنهج العلمية في كتابةالرسائل الجامعية، دارالمحروس للطباعة والنشر ، ط الثانية ، بيروت- لبنان ،١٩٩٤.

٨ – خەیام ،رباعیات عمر خیام ، متن درست وکامل بامقابله نسخه تصحیح مرحوم محمد علی فروغی ، تهران ١٣٦٦.

٩ – خەیام ،رباعیات حکیم عمر خیام ، بامقدمه و تحقیق ، عزیزالله کاسب ، براساس نسخه کمبریج ، انتشارات رشیدی ، تهران ١٣٦٣ .

١٠ –خەیام، رباعیات حکیم عمر خیام ،باترجمه به زبانهای ، عربی – اردو – انگلیسی – فرانسه – المانی . ، از انتشارات شرکت اقبال وشرکاه– تهران ١٣٤٧ .

١١ –دەستنووس ، خەیام بەکوردی ، عومەر خەیام ، شێخ سەلام ، بەقەڵەمی عەلی باپیر ئاغا ،(کەمالی ) ، هەڵەبجە ١٢ ی ئەیلولی ١٩٤٨ .

١٢ – سەعدی ، وەرگێڕاوی کوردی گولستانی سەعدی ، ، وەرگێڕاوی مامۆستا مەلا موستەفا ڕەسوول (سەفوەت )سنە ، ١٣٨٦ .

١٣ – عبد السلام سالار ، دەقئاوێزانی لە نێوان هەندێ دەقی نالی ومەحویدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ،بەشی B ژمارە ٢١ ئەیلولی ٢٠٠٧ .

١٤ – عزالدين المناصرة ، علم التناص المقارن ( نحو منهج عنكبوتي تفاعلي ) ، عمان – الاردن ن الطبعة الاولي ٢٠٠٦ .

١٥ – کەمالی ، دیوانی کەمالی ، ئامادەکردن وساغ کردنەوە و پێشەکی نووسینی ،کمال عەلی باپیر ، پێداچوونەوەی مامۆستا شکور مصطفی ، بغداد ١٩٨٦ .

١٦ –مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی شەشەم ، ١٩٤٥ – ١٩٧٥ ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر ٢٠١٠ .

١٧ – محەمەد ئەمین محەمەد نوری ئەمین ،کەمالی لە بازنە ئەدەبی کوردیدا ، لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن ، نامەی دکتۆرا ، بڵاونەکراوە ، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠٨.

١٨ – محەمەد نوری عارف ، کەمالی و ئەدەبیاتی فارسی " بەراوردکاری " ، هەولێر ١٩٩٩ .

١٩–مەولەوی ، دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەی ملا عەبدولکەریمی مودەریس ، بغداد ، ١٩٦١

٢٠ – المعری ، اللزومیات ، او لزوم ما لایلزم ، لابی علاء المعری ،بیروت ١٩٦٩ .

٢١ –معروف خزنەدار ، مخطوطات فريدة ومطبوعات نادرة ،ج ١ ، كلية الاداب ، جامعة بغداد ، بغداد ،١٩٧٨ .

٢٢- یادی مەردان ،بەرگی یەکەم ، مەولاناخالیدی نەقشبەندی، مەلا عبدالکریمی مدرس ،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، ١٩٧٦

٢٣ - هاشم محمد البغدادي ، قواعد الخط العربي ، بغداد ، ١٩٦١ .

٢٤- هلال ، محي سرحان هلال ، تحقيق مخطوطات العلوم الشرعية ،ط ١ مطبعة الارشاد ، بغداد ١٩٨٤ .

**سەرچاوەی ئەلەکترۆنی :**

٢٥- www.ganjoor.net

٢٦ - محمد حسان الطيان (د )، ملامح في فن تحقيق المخطوطات www.mktaba.org

٢٧ - هيتي ، د . محمد نبهان ابراهيم ، المنهج العلمي لتحقيق المخطوطات www. Almatanvoic.com

## ملخص البحث


هذه الدراسة الموسومة ب( **كمالي** كباحث وناقد بين **عمرالخيام وشيخ سلام** )تحقيق في المخطوطة (رباعيات عمر الخيام ) الفارسية و ترجمتها الكوردية التي ترجمها الشاعر الكوردى المعروف شيخ سلام .

فالمخطوطة خطت بقلم الشاعر والكاتب الكوردى علي **باپير** اغا في ١٢ ايلول ١٩٤٨ في مدينة **حلبجه** .

كرس القسم الاوفر من البحث لتحليل الملاحظات اللغوية والادبية والنقدية الذى دونها الكاتب في الهوامش .اتخذ الكاتب في معظم تعليقاته اسلوب التناص كمنهج لتدوين ملاحظاته، اي علاقة الرباعية بنصوص شعرية اخرى لشعراء الكورد والفرس والعرب وبالعكس ، حيث شرع في ايضاح تلك العلاقات الفنية الخفية بين تلك النصوص الشعرية ، وأثرنا ان يشمل موضوع تلك العلاقات ، شعراء سبقوا الشاعر خيام ومن جاؤا بعده .


## ABSTRACT


*This study tagged (Kamali researcher and critic between Khayyam and the Sheikh Salam) deal to achieve the manuscript (Rubaiyat of Omar Khayyam) in Persian and Kurdish translation translated by the poet known as the Kurdish Sheikh Salam. Manuscript taken by the Kurdish poet and writer Ali Agha termed the September 12, 1948 in the city of Halabja.*

*Devoted a section front to search for the analysis of observations linguistic, literary and monetary, which without author in the margins. Taken by most of his comments, the style of intertextuality as a way to write down his observations, a relationship Quartet texts Other poets of the Kurds, Persians, Arabs, and vice versa, as prescribed in the clarification of those relationships technical hidden between those texts Hearia, and we chose to include the subject of those relationships, poets preceded the poet tents and they came after him.*